هیچ کەسێک لە ئێوە ئیمانی تەواو وکاملّ نابێت؛ هەتا ئەو کاتەی من خۆشەویستتر دەبم لە لای لە منداڵەکەی وباوکی وهەموو خەڵکی

لە ئەنەسەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ کەسێک لە ئێوە ئیمانی تەواو وکاملّ نابێت؛ هەتا ئەو کاتەی من خۆشەویستتر دەبم لە لای لە منداڵەکەی وباوکی وهەموو خەڵکی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە مسوڵمان ئیمانی کاملّ نابێت هەتاوەکو خۆشویستنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بخاتە پێش خۆشویستنی دایکی وباوکی ومنداڵەکانی وهەموو خەڵکی، ودەبێت وداواکراوە ئەم خۆشەویستیە گوێڕایەڵیکردنی وسەرخستنی و وازهێنان لەسەرپێچکردنی لەگەڵدا بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5953